# ئەمڕۆکە سەرمایەداری لە بوواری سیاسی، ئەخلاقی و فیکریشەوە وەرشکست بووە

**حەفتەنامەی هەواڵ لە ژمارەی 206دا وتووێژێکی لەگەڵ هاوڕێ سەلاحی مازوجی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە سازداوە کە بەشی یەکەمی ئەم وتووێژە لەم ژمارەیەی پێشڕەو و بەشی دووهەم و کۆتایشی لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەکەینەوە.**

**هەواڵ:** سەرەتا ئەگەر دەکرێ خۆتان بە خوێنەرانی (هەواڵ) بناسێنن؟
ژیانی خوێندن و خوێندکاریتان، هەروەها ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی.

**سەلاحی مازوجی:** 1961 زاییینی لە گوندێکی نزیك شاری مەهاباد لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی تا وەدەستهێنانی بڕوانامەی دیبلۆمی هەر لەشاری مەهاباد تەواو کردوە. بەرپابونی شۆڕشی دژ بە محەمەد رەزا شا لەساڵی 1979 هاوکاتبوو لەگەڵ قۆناغی خوێندنی سەلاح بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی دیپلۆم. لەساڵی 1977 لەگەڵ جیهانی سیاسەتدا ئاشنا بووە. لە کۆتایی 1978 لە گەڵ کۆڕێك لە لایەنگرانی ڕێکخراوی چریکە فیدابیەکانی خەلکی ئێران پەیوەندی گرتوە. لە راپەڕین و شۆڕشی گەلانی ئێران دژی محەمەد رەزا شا لەساڵی 1979دا وەکو لاوێکی ئازادیخواز بەشداری دەکا. سەلاحی مازوجی سەبارەت بە مێژووی ژیانی سیاسی خۆی دەڵێ: "لەئەنجامی دابەشبوونی نێو ڕێکخراوی چریکە فیدایەکان لە ساڵی 1980، من لە گەڵ بەشی ئەقەلییەت بووم. لە ساڵی 1982 بە دەست پێکردنی پرۆسەی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، چووم نێو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و درێژەم بە چالاکیی سیاسیی خۆمدا. لە ناو کۆمەڵەدا ئەرك و مەسئولییەتی جۆراوجۆرم بەڕێوە برد."

لەساڵی 1985 لە کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵەدا بەئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵدەبژێردرێ و لەو کاتەوە تا ئێستا ئەندامی کۆمیتەی ناوبراوە، هەروەها مەسئولی کۆمیتەی ئیجرایی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشە.

**هەواڵ:** بەپێی بەرنامەی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست ئێران، دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆسیالیزم ئامانجتانە، ئایا بە رای ئێوە بارودۆخی سیاسی ئێران و ئیقلیم و جیهان لە کاتی ئێستادا لەبارە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی لەو جۆرە؟

**سەلاحی مازوجی:** ئێوە چاو لێکەن ئەمڕۆکە زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە مێژووی مرۆڤ وەسیلەی بەرهەم هێنان بووەتە وەسیلەیەکی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی، یانی ئینسانەکان تەنیا و تەنیا بە کۆمەڵ دەتوانن کەڵکی لێ وەر بگرن. لە کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەم هێنان سەدان و هەزاران کەس کار دەکەن. هەر ئەو جۆرەی کەرەسەی بەرهەم هێنان بۆتە کەرەسەیەکی کۆمەڵایەتی، بەرهەم هێنانیش لە کردەوەیەکی تاکەکەسی بووەتە

حەرەکەتێکی کۆمەڵایەتی و بەرهەمەکانیش لە بەرهەمێکی تاکەکەسی بوونەتە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و ئەم ئاستە لە کۆمەڵایەتی بوونی بەرهەم هێنان و دابەشکردنی کار لە گەڵ خاوەنداریّتی خسوسی بە سەر وەسیلەی بەرهەم هێناندا دژایەتی هەیە و هەر ئەم دژایەتی و ناکۆکییە بنەڕەتییەیە کە درەنگ یا زوو کۆمەڵگای سەرمایەداری لە بەر یەك هەڵدەوەشێنێتەوە. هەر ئەم جۆرەی کە نیزامی دەرەبەگایەتیش لە بەریەك هەڵوەشایەوە.

ئەمڕۆکە سەرمایەداری لە بوواری سیاسی، ئەخلاقی و فیکریشەوە وەرشکست بووە. ئێوە ئەگەر تەماشای بارودۆخی ژیانی مرۆڤ بکەن چ لەئاستی جیهان و چ لە ئاستی ئیقلیم و ئێرانیشدا، سیستمی سەرمایەداری لە سەدەی رابردوودا، جگە لەوەی دوو جەنگی جیهانیی گەورە و چەندین شەڕی ناوچەیی ماڵوێرانکەری بەسەر دونیادا سەپاندوە و ملیۆنەها کەس بوونە قوربانی، پاشماوە و ئاسەواری ئەو جەنگانە تا ئێستا لەنێو نەچوونەوە و ئاکامەکانی، مێشکی مرۆڤی ئەم سەردەمە ئازاردەدات، هیچ چارەسەرێکی ریشەکێشکاری بۆ هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمە نیە. تەماشای کێشەی بێکاری بکەن لە جیهاندا، کێشەی بێکاری کە بووەتە کێشەیەکی بنەڕەتی و ساختاری لە کۆمەڵگادا. سەرمایەداری هیچ چارەسەر و وەڵامێکی بۆ ئەم کێشەیە نیە. لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی ئەوروپا نزیکەی 50 ملیۆن بێکار هەن. لە دەورانی قەیرانە ئابووریەکاندا خەڵکی بە لێشاو بێکار دەکرێن، کاتێکیش دەورانی گەشەکردن و پێشکەوتن دەست پێدەکاتەوە، بەهەمان شێوە کێشەی بێکاری نەك چارەسەر نەکرا، بەڵکو هەروا دەمێنێتەوە. کرێکارانی بێکار نەوە دوای نەوە بە بێکاری و هەژاری ژیان دەبەنە سەر و سەرمایەداریش بێتوانایە لەچارەسەرکردنی کێشەکە، ئەمەش تەنها ئەوروپای نەگرتوەتەوە، بەڵکو ئەمریکا و ئەوروپای رۆژهەلات و ئەفریقاشی گرتوەتەوە. دیاردەی بیکاری زۆر بەڵای تری لێکەوتۆتەوە. تەماشای نەخشەی جیهان بکەن کە جەنگ لە چ سووچێکی ئەم دونیایەدا ئاگرپرژێنی ئینسان ناکات و لە کام گۆشەی ئەم جیهانە ئینسان نابێتە قوربانیی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی ئەم سیستمە! هەروەها تەماشای نەخۆشی ئایدز و ژیان لە ژێر هێڵی هەژاری کەن و... . ئامارەکانی سەبارەت بەم بەڵایانە کە بڵاودەکرێنەوە بەحەقیقەت سامناکن .

**هەواڵ:** ئایا بوونی ئەم کارەسات و بەڵایانە بەسە بۆ ئەوەی حیزبێکی کۆمۆنیستی بتوانێ، سۆسیالیزم دامەزرێنێ؟

**سەلاحی مازوجی:** مەبەستم لەو نموونانە ئەوە بوو، ئەگەر تەماشا بکەین، لە رووی واقعیی عەینیەوە، سەرمایەداری ئەمڕۆ گەندەڵییەکانی بە خاڵێك گەیشتوە، کە وەڵامی بۆ هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، و لەو رۆوە، زەمینە عەینی سازە بۆ شۆڕشێکی سۆسیالیستی، لەنێو هەموو ئەو کارەساتانەشدا ئینسان ملی بەم سەرکوت و دۆخە نەداوە و خۆی نەداوەتە دەستی بەڵاکانی سەرمایەداری، خۆپێشاندانە سەدان هەزاریەکانی فەڕەنسا کە یەکێتیە کرێکاریەکان و پیشەییەکان و روناکبیران ئەنجامیاندا دژ بە هێرشەکانی حکومەتی فەڕەنسا بۆسەر ژیان و گوزەرانی خەڵك، ماوەیەك پێش ئێستاش مانگرتنی گەورەی کرێکارانی ترانسپۆرت لە ئەڵمانیا کە داواکاری 30٪ زیادکردنی کرێ بوون، ئەمە مانای ئەوەیە کە کرێکاران رازی نین بەو بەشەی کە سەرمایەداران بۆیان بڕیونەتەوە، بەڵکو دەیانەوێ لەو خۆشگوزەرانیەی کە ئەمڕۆ ئینسان پێی گەیشتوە زیاتر بەهرەمەند بن. هەروەها چاو لە مانگرتنەکانی کرێکارانی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی جینێرال مۆتور بکەن لە ئەمریکادا و کەنەدا، چاو لە هەموو مانگرتن و خۆپێشاندانەکانی ئیتالیا و یونان و وڵاتانی تر بکەن، ئەمانە

هەموو نیشانەی ئەوەیە کە ئینسانی ئەمڕۆ بەتایبەتی کرێکاران رازی نین بەو چارەنووسەی کە سەرمایەداری بۆی دیاریکردوون. کاتێک ئەمریکا بڕیاری شەڕ لە ئەفغانسان یان عێراق دەدا، ملیۆنان کەس دژی دەوەستن، بزووتنەوەی دژی جەنگ ئێستا بۆتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە ئاستی جیهان و تایبەت بە تەنها وڵاتێک نیە.

**هەواڵ:** بەڕێز مەبەستمان ئەوەبوو، ئایا پێشمەرج و پێداویستیەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئێراندا فەراهەمە؟ ئێمە بە چاولێکردنی مێژووی سەردەمی شۆڕشی ئێران دەبینین هەمان ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابووریە فەلاکەتبارەی کە ئێستا هەیە و جەنابتان ئاماژەتان بۆ کرد، ئەو سەردەمەش وەک ئێستا وابوو، بەڵام چەپەکان و رێکخراوە سۆسیالیستیەکان نەیانتوانی حکومەتی سۆسیالیستی دابمەزرێن، ئەوە بوو ئیسلامگەراکان توانیان دەسەڵات بگرنە دەست. ئایا ئێستا و ئەوکات جیاوازی هەیە؟

**سەلاحی مازوجی:** ئەوەی باستان کرد وایە. هەموو ئەوانەش پێویستە لێکدانەوەی تایبەتی بۆ بکرێ. ئاشکرایە لە سەردەمی رژێمی شادا ئەوپەڕی سەرکوت و ئیستیبداد زاڵ بوو، هیچ رێکخراوێک نەیدەتوانی کاری سیاسی بکات، ئازادیە سیاسیەکان و رێکخراویەکان بوونیان نەبوو، بەتایبەتی بۆ رێکخراوە چەپەکان، کە لەژێر سەخترین بارودۆخی سەرکوتدا چالاکیان دەکرد، زیندان و لەسێدارەدان و راوەدوونانی کەسانی سیاسی بۆ هەموو کەس ئاشنایە، بۆ نموونە رێکخراوی "کۆمەڵە" کە 9 ساڵ پێش لە راپەڕینی ساڵی 1979 دامەزراوە، بەڵام تەنانەت نەیتوانیوە خۆی ئاشکرا بکات، چ جای ئەوەی بەرنامە و سیاسەتەکانی لە نێو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە و ئاشنا بە کۆمەڵگەی بکات و جەماوەری بکاتەوە.

کەوایە ئاشکرایە ئەگەر رێکخراو و گروپە چەپەکان بەهرەمەند بوونایە لەهەمان ئەو زەمینە و ئیمکانات و میکانیزمانەی کە ئیسلامگەراکان بۆیان رەخسابوو، کێ دەڵێ راپەڕین ئەو شکستەی بەسەردا دەهات کە بەسەریداهات. رەوتە ئیسلامیەکان لەهەموو ئەو میکانیزمانەی وەک مزگەوت و مینبەر و ... کە هەر لەسەردەمی رژێمی شادا لێی بەهرەمەند بوون سوودیان وەرگرت کە وەک ئاڵتەرناتیڤی حکومەتی شا خۆیان رێکخەن و دەسەڵات بگرنە دەست. دەبێ ئەوەش لەبیر نەبەینەوە کە کاتێک روخانی رژێمی شا ئاشکرا و مسۆگەر بوو، دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و لە سەروویانەوە ئەمریکا بەکۆمەکی زلهێزەکانی رۆژئاوا لە کۆنفرانسی گوادلوپ بڕیاریاندا کە حکومەتێکی مەزهەبی بهێننە سەر دەسەڵات، بۆ رێگرتن لە رادیکالیزەبوونی راپەڕین و بزوتنەوەی ئێران کە بتوانێ لە درێژماوەدا سیستمی سەرمایەداری بپارێزێ و دۆستی خۆیشیان بێت و لەهەمانکاتیشدا بتوانێ شۆڕشی ئێران سەرکەوت بکات، بێگومان کردی. ئەوان واتە ئەمریکا و دەوڵەتانی رۆژئاوا لەهەموو تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی جەماوەری کوردستان و شووڕاکان و زانکۆکان و ... چاوپۆشییان کرد. کە واتە ئەو هەلومەرج و پێداویستیانەی کە رەوتی ئیسلامگەرا لەو سەردەمەدا لێی بەهەرەمەند بوو و توانی وەک ئاڵتەرناتیڤ دەسەڵاتی خۆی بێنێتەڕوو، رەوتی سۆسیالیستی لێی بەهرەمەند نەبوو، ئەمە یەکێکە لەو هۆیە سەرەکییانە کە رەوتی سۆسیالیستی بە دەسەڵات نەگەیشت.

ئەگەر باسی ئەورووپاش بکەین، دیارە هۆکارگەلێکی تایبەتی خۆی هەیە، من ئەو دیاردانەی کە لە پێشەوە باسم کردن مەبەستم دەستیشانکردنی هەلومەرجی واقیعی عەینی و پێداویستی مادی بوو، بەڵام لە رووی فکری و زهنییەوە بەداخەوە تا ئێستا بزووتنەوەی سۆسیالیستی نەیتوانیوە خۆی رێک بخات، هەروەها بزوتنەوەی کرێکاری کە قەرارە بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بێ و ئێمە بەرە و کۆمەڵگەی سۆسیالیزم بەرێت، تائێستا نەیتوانیوە لەئاستی جیهانیدا لە رێکخراو و حیزب و یەکێتیە کرێکاریەکاندا خۆی رێکخات و

ئاسۆیەکی سۆسیالیستی بەسەر بزوتنەوەکەیدا زاڵ بکات، کە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە. لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەموو حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی ئەوروپا بەرەو سیاسەتی ریفۆرمیزم چوون، کە پێیانوابوو بە بەشداریکردن لە پەرلەمان و خەباتی پارلەمانی و ریفۆرمیستیەوە دەتوانن لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا کۆمەڵگە بەرەو ئاڵوگۆڕ بەرن، بەڵام لەواقیعدا ئاراستەیەکی تریان گرتەبەر، کە ئەویش مانەوە و لەسەرکار هێشتنەوەی سەرمایەداری بوو، ئەگەریش رەوتگەلێکی سۆسیالیستی و حیزب و رێکخراوی چەپ و کۆمۆنیستییش لەو وڵاتانەدا هەبوو، بەداخەوە لەبەر ئەوەی نەیانتوانی گرێدانێك و تێکەڵکردنێك پێکبهێنن لە نێوان خەبات لەپێناوی ریفۆرم و خەبات لە پێناوی دامەزراندنی سۆسیالیزمدا بۆ بەرەو بەدەسەڵاتگەیشتنی چینی کرێکار، ئەم رەوتانە کەوتنە پەراوێزەوە و نەیانتوانی رۆڵ و کاریگەریی خۆیان ببینن لە رابەرایەتیکردنی خەباتی چینایەتی لە وڵاتەکانیاندا. من تەواو ئەوەم قبوڵە ئەو رێگری و کۆسپ و تەگەرە فیکری و زهنیانە لەسەر رێگای بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا هەن، بەڵام ئیدعای ئیدئۆلۆگەکانی سەرمایەداری کە دەڵێن سەرمایەداری هەتاهەتاییە و کۆتایی مێژووە، ئیدعایەکی پوچە. ئەوەمان پێ قبوڵ نیە و پێمانوایە زەمینەی مادیی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و سۆسیالیستی بوونی هەیە و ئەمرۆژیش پێویستیی سۆسیالیزم لەهەموو سەردەمێکی تر زیاترە، چونکە گەندەڵی و بێ ئاسۆیی سەرمایەداری ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمێکی رابردوو زیاتر دەرکەوتوە، بەڵام مەرج و پێداویستیە فکری و زیهنیەکان بۆ بەرپاکردنی سۆسیالیزم کارێکی سەختە و پێویستە بە بێ پسانەوە کاری بۆ بکرێ، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لەو پێناوەدا کار دەکەین.

**هەواڵ:** بە پێی هەواڵەکانی ناو ئێران، بزووتنەوەیەکی جەماوەریی مەدەنی کۆمەڵایەتی لەگەشەکردندایە، تا چ چەند ئێوە وەك حیزب کاریگەریتان بەسەر ئەو بزووتنەوەیەدا هەیە؟

**سەلاحی مازوجی:** ئەمڕۆ چوار بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی بەهێز لە ئێراندا هەیە، لەپێش هەموویشیانەوە بزووتنەوەی کرێکاریە کە بۆ گەیشتن بە داواکارییەکانی هەوڵدەدات. رابەرانی و پێشڕوانی کرێکاریش هەوڵدەدەن بۆ پێکهێنانی رێکخراوە جەماوەریەکانیان، چونکە ئەمڕۆ نەبوونی ئەو رێکخراوانە کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم ئەو ململانێ و خەباتەدا، بزووتنەوەی ژنانیش، بزووتنەوەیەکی بەهێزە، هێزو تواناکانی ئەو بزووتنەوەیەش دەتوانین لە دژکردەوەکانی رژێمدا لە بەرامبەر داواکاریەکانی ئەو بزووتنەوەیە و هەروەها لە ئاکسیۆن و چالاکییەکانیاندا ببینن، وێڕای دەیان گۆڤار و بڵاوکراوە و سایتە ئینتەرنێتیەکانیشیان. لەلایەکی ترەوە بزووتنەوەی خوێندکارانیش کە لەم رۆژانەدا هەواڵەکانی دەبیسترێ، هەفتەیەکە لە نێو هەموو زانکۆکانی تاران و ئیسفەهان و کرماشان ئەم چەند رۆژەش زانکۆکانی مەشهەد و شیراز و تەورێز کە بۆ رێزگرتن لەساڵیادی 16ی سەرماوەزی ساڵی 1332ی هەتاوی و کوشتاری 3 کەس لە خوێندکاران لە لەسەردەمی شای پەهلەویدا مەراسیمیان سازکردووە. ئێوە تەماشای دروشمەکانیان بکەن، هەموی دروشمی چەپ و رادیکاڵە. دروشمی یا "سۆسیالیزم یا بەربەریەت" و "ئازادی و یەکسانی"، داوای هەڵگرتنی فشار و زۆرداری سەر خوێندکاران و کرێکارانی زیندانی دەکەن، باس لە ستراتیژی یەکێتی نێوان خوێندکاران و کرێکاران و ژنان و بزووتنەوەی کوردستان دەکەن، ئەم بزووتنەوەیەش هەواڵەکانی تەنانەت لە چاپەمەنیەکانی کۆماری ئیسلامیش وەك "ئیرنا ، ئیسنا و خەبەرگوزاریی فارس" بڵاو بوونەتەوە، خۆیان باسی ئەوە دەکەن کە ئەوە کاریگەری مارکسیستەکانە و ئەوان ئەم بزووتنەوەوانەیان رێکخستوە.

لەلایەکی تریشەوە بزووتنەوەی کوردستانە، کە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزە، بۆ هەر کەسێکیش کە بیهەوێ کاریگەرییەکانی ئێمە لەسەر ئەو بزووتنەوەیە ببینێ، دەبێ بچێت تەماشای دروشمەکانیان بکات، دەبێ چاو لە ڕێبازی ئەو ڕێبەران و هەڵسوڕاوانی ئەو ڕێکخراوە کرێکاریانە بکات کە خەریکی پێکهێنانی ڕێکخراوەی کرێکارین و بەراوردیان بکات لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێمە، لە کوردستانیش بەهەمان شێوە، دەبێ بزانین خەڵك چۆن سەیری سیاسەت دەکەن، چۆن دەڕواننە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان، تا ڕۆڵ و کاریگەری و نەخشی ئێمە ببینرێ لە نێو ئەو بزووتنەوەیەدا، هەروەها لە نێو بزووتنەوەی ژنانیش. دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر ئێمە شایەد حاڵی ڕەنگدانەوەی سیاسەتەکانی خۆمانین لەنێو هەڵسوڕانی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوانەدا. دیارە ئێمە تەنها ڕەوت و جەرەیانی چەپ و کۆمۆنیستی نین لەئێراندا، بەڵکو ڕەوتگەلێکی تریش جگە لەئێمە هەن کە چالاکی دەکەن. بزووتنەوەی چەپ لەناوەوەی ئێراندا زۆر فراوانترە لەچالاکی گروپ و ڕێکخراوەکان، بزووتنەوەی چەپ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە، کە من پێموایە جێدەستی ئێمەشی پێوە دیارە.

**هەواڵ:** ئایا جیاوازی و فرە ڕێکخراوەیی چەپ و مارکسیستەکان لە دەرەوەی ئێران، ئەو جیاوازیە ڕەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی جەماوەری ناوەوەی ئێران دانەناوە؟

**سەلاحی مازوجی:** ئەو جۆرە لە قالبی ڕێکخراوەکاندا هەیە بەخۆشحاڵییەوە نەخێر، بۆ نموونە مەیلی سۆسیالیستی بە گشتی لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاریی یان کرێکاریدا مەیلێکی زۆر ئاشکرایە، بەڵام هەماهەنگ و وەك یەك بزووتنەوە لەبەرامبەر فشار و هێرشی ڕژێمدا هەڵسوکەوت دەکا، هەروەك لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەنێو بزووتنەوەی خوێندکاراندا دیتمان، ئەو بزووتنەوەیە مەیل و بۆچوونی جۆراو جۆری چەپی تێدایە.

**هەواڵ:** ئایا ئەم هەماهەنگی و یەکپارچەییەی ناوەوە وای لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دەرەوە نەکردووە، هەوڵبدەن، بەهەمان شێوە و هەماهەنگی کار بکەن؟

**سەلاحی مازوجی:** پێموابێت، یەکێك لە کاریگەرییەکانی ئەو بزوتنەوانە ئەوە دەبێ کە زەمینە سازکات بۆ هاوکاری، بەڵام تا ئێستا ئەو زەمینەیەی پێکنەهێناوە، ئێمە پێشوازیی ئەو بزوتنەوانەی ناوەوەمان کردووە و زیاتر لە ڕەوتەکانی تر هەوڵمانداوە نەك بۆ پێکهێنانی بەرە بەڵکو لەسەر بنەمای بەهێزکردنی ئەو بزووتنە کۆمەڵایەتیانەی ناوەوە هاوکاری بکەین. بەهۆی شکستی شۆڕشی 1979ی ئێران کەوا نزیکەی 28 ساڵی بەسەردا دێت و لە قۆناغی پاشەکشەدا تا ئەندازەیەك ئەو پەراکەندەگی و بەش بەش بوونە لە ناو هێزەکانی ئۆپۆزیسیون دیاردەیەکی سروشتیە.

دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین گەشەی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە لەناوەوە زەمینەی نزیکبوونەوە و هاوکاریی پراکتیکی لە نێوان هێزە سیاسیەکان بە تایبەتی لە ناو بەرەی چەپی ئێراندا پێك بێنێت.

**هەواڵ:** ڕووبەڕوبونەوەی چەکدارانە و بەکارهێنانی توندوتیژیی، یەکێك بوو لە ئامرازەکانی ئێوە بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانتان، بۆچی ئێستا هیچ چالاکیەکی سەربازی و چەکداریتان نیە، ئایا بڕواتان پێی نەماوە، یان بارودۆخ ڕێگرە، یان هەر هۆیەکی تر؟

**سەلاحی مازوجی:** ئێستاش کۆمەڵە وەك جاران، تاکتیکی خەباتی چەکداری بە بەشێك لە ستراتیژی سیاسی خۆی لە کوردستان دەزانێ. کۆماری ئیسلامی ئیعلامی شەڕی کرد لە گەڵ خەڵکی کوردستان ئێمە ئێستاش لە

حاڵەتی شەڕداین لەگەڵ ئەو ڕژیمە، مادام ئەم شەڕە کۆتایی نەهاتووە، کۆمەڵە باسکێکی چەکداری دەمێنێتەوە. ئاشکراشە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی بەسەر بارودۆخی ناوچەکەدا هاتووە، ئەگەر ئێمەش ئێستا وەك ساڵانی رابردوو خەباتی چەکدارانە بەکار ناهێنین، ڕێك لەبەر ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیەیە کە چ بەسەر کوردستان و چ بەسەر ناوچەکەدا هاتووە، بێگومان ئێمە ئێستا ئەگەر نەتوانین لە ناوەوەی کوردستانی ئێران، پشتێنەیەکی جەنگی(پشتی جبهە) بۆ خەباتی چەکدارانە پێك بێنن، ناتوانین لە پانتاییەکی فراواندا خەباتی چەکدارانەی خۆمان بەرینە پێشەوە، بۆیە دەبێ بارودۆخی سیاسی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت تا زەمینەی پێکهێنانی پشتێنەیەکی جەنگی هەر لەناو خاکی کوردستانی ئێراندا پێك بهێنین، واتە خەباتی جەماوەری لە شارەکان گەشە بکات و کۆماری ئیسلامی نەتوانێ سیاسەتی میلیتاریزەکردنی خۆی لە کوردستاندا بەم شیوەی تا ئێستا پیا دەکات و بە کردەوەی دەربێنێ، و هێزی پێشمەرگەش بتوانێ هەڵسوڕانی خۆی پەرە پێ بدات.

**هەواڵ:** وێڕای ئەوەی لە کاتی ئێستا چالاکیی سەربازیی لە لایەن هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە ئەنجام نادرێت، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران، هەمیشە بوونی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە کوردستانی عێراقدا کردووە بە بیانوو بۆ سیاسەتی شەڕانگێزی و شەڕفرۆشتن دژی حکومەتی هەرێم و تۆپبارانکردنی ناوچەکانی کوردستانی عێراق. بەڕای ئێوە چی لە پشتی ئەم سیاسەتەوە خۆی حەشارداوە؟

**سەلاح مازوجی:** چونکە بەشێوەیەکی گشتی، ئەو رەوتەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەچێتە پێش، کۆماری ئیسلامی لە بەرژەوەندی خۆیدا نایبینێ، پێیوایە ئەمڕۆ ئەو ئەزموون و نیمچە حکومەتە فیدراڵیەی کە لە کوردستاندا هەیە، کاریگەری باشی نابێت لەسەر واقیعی کوردستانی ئێران و مەیلی خەباتی نەتەوەیی بەهێز دەکات، بۆیە تا ئەو رادەیەی پێی بکرێ ئەم ئەزموونە دەخاتە ژێر فشار.

وەك ئاماژەی پێکرا ئێمە ئێستا چالاکیی سەربازیمان نییە. لە هەلومەرجی ئێستادا بەهۆی هاتنە مەیدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان چ لە کوردستان و چ لە ئێراندا، خەباتی چەکداری بە بڕوای ئێمە ئەو سەنگەی نییە کە بتوانێ ببێتە فشارێکی کاریگەر بۆسەر رژێم، بۆ نموونە ناردنی چەند دەستە پێشمەرگە و ئەنجامدانی چەند چالاکیەکی سەربازیی و تەقەکردن لە فلان رەبیە و کەمین دانان بۆ ئۆتۆمبێلێکی سەربازی ...هتد، فشارێکی جدی وا ناخاتە سەر رژێم، وەك ئەو فشارەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانن بیخەنە سەری، بۆیە ئەو جۆرە تاکتیکە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، نەك بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەهێز ناکات، بەڵکو بیانو و پاساو دەداتە دەست رژێم تا زیاتر کۆمەڵگە میلیتاریزە بکات.

ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە لە هەلو مەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناردنی گروپی تیرۆریستی وەك "جند الاسلام" و ... لە شارە سنووریەکان کوردستانی عێراق عەمەلیات ئەنجام دەدات، رەنگە ئەمریکاش کە ئەم ناوچەیەی لەژێردەستدایە، پێیخۆش بێت، هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی هێز بنێرنەوە بۆ ناوە و هەندێك فشار بخەنە سەر رژێم، بۆیە ئێمە نامانەوێ لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکادا بناسرێنەوە یا (تەداعی) بینەوە، ئەم هۆکارانەیە کە رێگری خەباتی چەکداری ئێمە بوون لەم هەلومەرجەدا.

**هەواڵ:** هەندێك لە حیزبە کوردستانیەکانی ئێران چوونە ئەمریکا، بەڵام ئێوە نەچوون، بۆ؟

**سەلاحی مازوجی:** بەشێوەیەکی گشتی ئەو ستراتیژیەی کە هێزە ناسیۆناڵیستەکانی کوردستانی ئێران بە دەستیانەوە گرتوە، بە بڕوای ئێمە لە ئاقاری بەرژەوەندیی و قازانجی بزووتنەوەی کوردستان و خەڵکی کوردستان بەگشتی نییە، ئێمە پێمانوایە بەرژەوەندی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لە گەڵ قازانج و

سیاسەتەکانی ئەمریکادا بە هیچ شێوەیەك یەك ناگرێتەوە. ئێمە ئاکامی دەستێوەردانەکانی ئەمریکامان لە عێراقدا تاقیکردوەتەوە، ئێمە نامانەوێ هەمان ئەو ئەزموونە لەئێراندا دووبارە بێتەوە.

ئێوە تەماشا بکەن ئێستا هەر دەستتێوەردانێکی ئەمریکا بەهەر شێوەیەك جگە لە زیان هیچ قازانجێکی نیە بۆ خەڵکی کوردستان، هەر ئەو هەڵمەتی راگەیاندنەی کە ئێستا سەبارەت بە لێدانی سەربازیی لە دژی رژێم وەریێ خستوە، یەکەمین زیانی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان و خەڵکی ئێرانیش بەگشتی لەچاوەڕوانیدا رادەگرێ، لەچاوەڕوانی ئەوەی کە ئەمریکا بێت و شتێکی بۆ بکات! بۆیە جەماوەر نایەتە مەیدانی ململانێ و خەباتەوە، چونکە خەڵکی پێیوایە ئەمریکا دێت و سەرکەوتنێکی ئاسان و گەورەیان بۆ وەدی دێنێ.

دووەم، ئابڵوقەی ئابوری کە سەپاندی بەسەر ئێراندا، هێشتا دەستیپێنەکردبوو، ئاسەوارەکەی بووە هۆی ئەوەی هەموو شتومەکێك نرخی گران بێت، ئێستاش لەئەنجامی ئەو ئابڵوقەیە رێژەی ئاوسان لە ئێراندا (20٪)ە، فشارو زیانەکانەکانی زیاتر دێتە سەر خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت. ئاشکرایە لەئاکامی ئەو ناکۆکی و ململانێیەی کە لەنێوان جەمسەرە ئیمپریالیستیەکاندا هەیە، لەنێوان چین و روسیا لەگەڵ ئەوروپا و ئەمریکا لەلایەکدا هەیە، یان لەگەڵ ژاپۆن، دەبینین کاتێك ئەوروپا رێککەوتننامە ئابووریەکانی لەگەڵ ئێراندا هەڵدەوشێنێتەوە، چین و روسیا جێگایان دەگرنەوە، واتا لەئەکامی ناتەبایی و دژایەتییەك کە لەنێوان بەرژەوەندی و قازانجەکانی جەمسەرە ئیمپریالیستیەکانی جیهاندا هەیە، رژیمی ئێران دەتوانێ مانۆڕ بکات و پێداویستیەکانی خۆیشی وەدەستبهێنێ، من ناڵێم رژیم ناکەوێتە ژێر فشارەوە، بەڵام فشاری سەرەکی بۆ سەر خەڵکە.

یان گریمان ئەمریکا دێت و ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی دیاریکراو ئەنجامدەدات یان گورزێکی سەربازی لە دامەزراوێك یان بنکەیەکی ئەتۆمی دەوەشێنێ، ئەمەش نەك ناتوانێ کۆماری ئیسلامی بڕوخێنێ، بەڵکو کۆماری ئیسلامی دەخاتە مەوقعییەتێکەوە، کە بتوانێ ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی ئێرانی هەڵخرێنێ و پایەکانی دەسەڵاتی خۆی سەقامگیرترو پتەوتر بکات و ئەو باڵانەی کە ئێستا لە ململانێدان جارێکی تر یەکانگیر دەکاتەوە.

ئەگەریش شەڕێکی وەك ئەوەی لە عێراقدا کردی، ئەوە بکات، ئەوە دۆزەخێکی تر دەخوڵقێنێ. سەرنجی ئەوە بدەن، هێرشی ئەمریکا بو سەر کۆمەڵگایەکی 18 ملیۆنی وەك عێراق، کە هێزە شیعەکە و هێزە سیاسیە کوردیەکەیشی لەگەڵ خۆی رێکخستبوو ئەو گۆماوە خوێنەی دروست کردوە کە تائێستا 4 ملیۆن کەس ئاوارەی لێکەوتۆتەوە، هەر بەپێی ئەو ئامارانەی ناوەندەکانی راگەیاندن قسە لە ملیۆنێك و شەش سەد هەزار کوژراو دەکرێ، جا گریمان لەشکرکێشییەکی لە جۆری عێراق لە ئێراندا بکرێ، رەهەندەکانی ئەو تاوانانە لە کۆمەڵگەیەکی 70 ملیۆنی وەك ئێراندا چەندە دەبێت؟!

بۆیە ئێمە دژی ئەو ستراتیژە سیاسییەین کە هێزە ناسیۆنالیستەکانی کوردستانی ئێران گرتویانە پێش. سەرەڕای ئەوانە، ئێمە ئەوە بە وەهم و خۆشباوەڕی دەزانین کە ئەمریکا بیەوێت رژێمی کۆماری ئیسلامی بڕوخێنێ. ئەمریکا دەیەوێت فشارێکی وا بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی کە ناچار بە رێکەوتنی لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات. ئەمریکا هەر چلۆن دەتوانێ لەگەڵ حکومەتی "مالکی"دا رێکبکەوێت کە پەروەردەی دەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، دۆستیانن و مەزهەبیشە، دەتوانێ لە گەڵ حکومەتی ئیسلامی

"کارازای" و حکومەتی سوداندا ڕێکبکەوێت و بسازێ، دەشتوانێ بە فشاری کۆماری ئیسلامیش لەگەڵ خۆی ڕێك بخات، کە واتە بۆچی دەیڕوخێنێ.

هەموو بەڵگەکانیش ئەوە نیشان دەدەن، بەتایبەتی دوای بڵاوبونەوەی ئەو ڕاپۆرتەی کە 16 دەزگای جاسوسیی ئەمریکا، کە دەڵێ لە ساڵی 2003ەوە کۆماری ئیسلامی هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی ڕاگرتوە، ئەوە نیشان دەدات کە ئەمریکا سیاسەتی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نییە، سیاسەتی جەنگێکی وەك ئەوەی عێراقی لەبەرنامەدا نییە، بۆیە ئەو ئامانجەی کە هێزە ناسیۆناڵیستەکانی کوردستانی ئێران وەشوێنی کەوتوون، بناغەکەی لە سەر خۆشباوەڕییەکی پووچ دانراوە.

***